دەستگیرکردنی دوو داعش لەلایەن حەشدی شەعبیەوە

بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئاسایش لەحەشدی شەعبی ڕایگەیاند کەدوو تیرۆریستی داعشی دەستگیرکردووە کە بەنیازبوون کاری تیرۆریستی ئەنجام بدەن.

بەڕێوەبەرایەتیەکە لە ە بەیاننامەیەکدا ڕایگەیاند: پاش بەدوواداچوونێکی زۆری ورد لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی لێکۆڵینەوە ئاسایشی حەشدەوە توانرا دوو تیرۆریستی داعش دەستگیربکرێن کە ئاماریان پێبووەو یەکێکیان سەربە ناو ویلایەتی فەللوجە بووەوئەوی دیکەشیان سەربە ویلایەتی نەینەوا بووە و بەشداری لە ە کاری تیرۆریستیدا کردووە دژبە سوپای عێڕاقی .

وتیشی هەردوو تیرۆریستەکە بەنیازبوون کە هێرشی تیرۆریستی ئەنجامبدەنە سەر هاووڵاتیانی مەدەنی .

ڕوونیشی کردەوەکە بە ماوەی سێ مانگ بەدوداچوون بۆ ئەم دوو تیرۆریستە کراو پاش وەرگرتنی فەرمانی دادوەری بە ئۆپەراسیۆنێکی تەکنیکی توانرا دەستگیربکرێن و بدرێنە دادوەری عێڕاقی.